# بەشی سێیەم

# زمان

## زمان و جۆرەکانی زمان و تایبەتیەکانی زمان

زمان بە درێژایی مێژوو پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لە لایەن زمانەوانان و دەروونناسان و کۆمەڵناسان و فەیلەسوفان ،...هتد. هەریەکێکیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە واتە لەچوارچێوەی بابەتەکەی خۆی پێناسەی کردووە، ئەمەش وای کردووە زمان چەندین پێناسەی هەبێت لەوانە:

# پێناسەی زمان

– زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، لە چەند دانەیەکی بچووک پەیدا دەبێت، ئەو دانانەش خاوەن واتای خۆیانن.

– زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای دەنگ کە لە وشە پێک دێت.

–کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بگووترێ زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندی و لەیەکتر گەیشتنی مرۆڤە.

# جۆرەکانی زمان

زمانی نووسراو: ئەو زمانەیە کە تیایدا نووسراو بەکاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی ڕەمز و واتا، وەک: (ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب و چاپەمەنییەکان)

زمانی جەستە: ئەو زمانەیە کە تیایدا جەستە بەبێ گۆکردنی دەنگ بەکاردەهێنرێت، وەک :( ئاماژەی دەست و پەنجەکان، شێوەی ڕوخسار....)

# تایبەتییەکانی زمان

1-زمان دەنگە

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە زمان پێویستی بە قەناتی دەم و گوێیە بەلای کەمەوە دەبێت قسەکەرێک و گوێگرێکمان هەبێت. لە لایەکی تریشەوە زمان دەنگە، چونکە قسە لە نووسین لە پێشترە.

# 2- زمان سیستەمە

ئەگەر زمان خاوەن پێڕەوێکی تایبەتی نەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت فێری ببێت. زمان لەڕاستیدا لە دوو پێڕەوی سەرەکی پێکدێت، ئەویش پێڕەوی دەنگ و پێڕەوی واتایە.

## 3- زمان تایبەتە بە مرۆڤ

هەر لەکۆنەوە باوەڕ وابوو کە زمان مرۆڤ لە هەموو گیاندارەکانی تر جیادەکاتەوە، چونکە تەنیا مرۆڤ بەهرەو توانای قسەکردنی تێدایە. بیگومان ئاژەڵ و گیاندارەکانی تریش جۆرە پەیرەویکیان هەیە بۆ لەیەکتر گەیشتن هەرچەندە زۆر سادەش بێت، بەڵام ئەم پەیرەوە لەچالاکیدا زۆر لەزمان کەمترە و ڕێگەی گیانداران نادات لە ڕابردوو و دوارۆژیان بکۆڵنەوەو درۆبکەن و یان شت لە زمانی تر وەربگرن. لەبەر ئەم هۆیانە پێرەوەکانیان ناچێتە ڕیزی زمان.

## 4– زمان هێمایە

کە دەڵێین دەنگەکەمانی زمان (ڕەمزن) مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم دەنگانە شتێ دەنوێنن کە خۆیان نین و پەیوەندی نێوان شتەکە و ئەو دەنگەی کە دەینوێنێ پەیوەندییەکی لە خۆوەیە.

# 5- زمان داهێنانه

سروشتی بەکارهێنانی زمان، بەکارهێنانێکی نوێکردنەوەیە، بەواتایەکی تر ئەوەی کە زۆرجاران مرۆڤ دەریدەبڕێت زۆربەیان دەربڕاوی تازەن، هەروەک (چۆمسکی) دەڵێت: لەتوانای مرۆڤ دایە ژمارەیەکی بێ سنوور ڕستە دابهێنی بێ ئەوەی پێشتر گوێی لێ بووبێت.

# گریمانەکانی پەیدابوونی زمان

**1- بۆچوونی ئایینی**

زۆربەی ئایینەکان ئاماژەیان بە زمانی مرۆڤ کردووە. بەپێی بۆچوونە ئاینییەکان زمان و مرۆڤ بەیەکەوە پەیدابوونە، هەروەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت (وعلم ادم الاسماو كلها) و لەشوێنێکی تر دەفەرمووێ (واختلاف السنتكم والوانكم...) هەموو بیرە ئاینییەکان لەو باوەڕەدان کە خوا زمانی بەئادەمیزاد بەخشیوە.

# 2- بۆچوونی ڕێککەوتن

زمانی مرۆڤ لە خۆوە دروست بووە، هەروەک چۆن بوونەوەر لەخۆوە دروست بووە، مرۆڤ خۆی داهێنەری زمانی خۆیەتی، هەر ئەویش ناوی لە شتەکانی دەوروبەری خۆی ناوە، بێگومان لە رووی زانستییەوە هیچ شتێک لەخۆیەوە دروست نابیت، زمانی مرۆڤیش بوونەوەریکی زیندووە، هەروا دروست نەبووە.

# 3– بۆچوونی بانگ و قیژە

ئەم گریمانەیە لەسەدەی (19) لەلایەن زانای ئەڵمانی (شتاینتاڵ) و دەستەیەک لە ڕووناک بیران خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لەو دەنگە غەریزانەوە پەیدا بووە کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ئازار دەری بڕیووە وەک (ئاخ، ئۆف، ...هتد) و یەکەم گووتن لەشێوەی سەرسورمان بووە.
ئەم گریمانەیەش کەم و کورتی گریمانەکەی پێشوومان بۆ چارەسەر ناکات و تێمان ناگەیەنێت ئەو ڕۆنانە ئاڵۆزەی زمان لە کوێوە هاتووە.

# 4– بۆچوونی بزاوتن

بەباوەڕی هەندێ لە زمانەوانی وەک (فۆنت،مار،پیاجیە) زمانی سەرەتا زمانی بزاوتن بووە کەتاکو ئێستاش لەگەڵ گوتن بەکاردێت وەک (سەرلەقاندن و لێوقوچاندن و چاوتروکاندن و ...هتد) .

کاتێک مرۆڤ تەکنیکی بەرەوپێشەوە چووە پێویستی بەبزاوتنی وورد بووە، جا لەبەر ئەوەی دەستیشی بەکارەوە خەریک بووە ناچار بووە بێ ئەوەی ئاگاداربێت ئەو بزاوتنانە بگۆڕێتەوە بە بزاوتنی ماسولکەکانی زمان و لێو دەم و قورگەو

# 5- بۆچوونی پەیوەندی

ئەم گریمانەیە لەلایەن (رێفیز)ەوە خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزەیە دروست بووە کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ پەیوەندیکردن.

بەباوەڕی (رێفیز) زمان پێش ئەوەی بگاتە ئەم گەشەیەی ئێستای، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، لەقۆناغی یەکەمی دا (قیژە) بووە و ئاراستەی دەورووبەر کراوە. لەقۆناغی دووەمدا (بانگ) بووە. لەقۆناغی سێیەمدا (وشە) بووە، دەنگەکان وەک هێما بەکاردێن. هەروەها (رێفیز) باوەڕی وا بووە یەکەم گووتن لەشێوەی داوا یان فرمان بووە دواتر شێوەکانی تر وەکو هەواڵدان و پرسیار کردن هاتونەتە کایەوە.

# خێزانە زمانییەکان

1- هیندۆ ئەوروپی

ئەم خێزانە لە کۆمەڵێکی گەورە پێکدێت، کەلە ڕەگەزو بنچینەدا نزیکن لەیەکترەوە و ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ناوەڕاستی ئاسیا تا ئەوپەڕی کەناری ڕۆژئاوای ئەوروپا. ئەم بەشە زمانانە دەگرێتەوە:

أ- کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی : بەهیندۆ – ئاری ناسراوە، زمانەکانی میتانی و سانسکریتی و مادد و ئەخمینی دەگرێتەوە، کە ئەویش بەسەر دوو لق دابەشدەکرێت:

1- کۆمەڵی هیندی: لە زمانەکانی (هیندی ،بنجانی ، کۆجراتی ، بەنگالی ،بەهاراتی ، ئاسامی) پێکدێت.
2- کۆمەڵی ئێرانی: لە زمانەکانی (فارسی کۆن ، فارسی نوێ ،کوردی ، ئەفغانی ، بەلوجی ،تاجیکی) پێکدێت.

ب- کۆمەڵی ڕۆژئاوایی: ئەم کۆمەڵەیە پێکدێت لە:

1- زمانە جەرمەنییەکان : ( ئەڵمانی ، ئینگلیزی ، هۆڵەندی ، دانیمارکی ، زمانە ئەسکەندەنافییەکان).
2- زمانە سلاڤییەکان: ( ڕووسی ، پۆڵەندی ، چیکی ، سلۆڤاکی ، یۆگسلافی).
3- زمانی لاتینیەکان : (ئیتالی ، فەرەنسی ، ئیسپانی ، پورتوگالی ).
4- زمانی یۆنانی : ( ئەرمەنی ، ئەلبانی).
5- زمانی کەلتی : (ئێرلەندی).

# 2-سامی و حامی

ئەم خێزانە زمانە لە نیشتمانی عەرەب و باکووری ئەفریقیا و بەشێک لە ڕۆژهەلاتەکەی بەکاردەهێنرێت. ئەم کۆمەڵەیەش لە دوو بەش پێکدێت:

ا- خێزانە زمانی سامی : بریتییە لە:
1. زمانی سامی باکوور: زمانی ئەکەدی ، بابلی ، ئاشوری ، کەنعانی ، عیبری و فینیقی.
2. زمانی سامی باشوور: زمانی عەرەبی ، یەمەنی کۆن ، زمانە حەبەشییە سامییەکان.

# ب– خێزانە زمانی حامی

1. زمانی میسرییەکان: میسری کۆن (زمانی قبتی).

2. زمانی لیبی یا بەربەری: زمانی دانیشتوانە بنەڕەتییەکانی باکووری ئەفریقیا وەکو: لیبیا، تونس، جەزائر، مەغریب دەگرێتەوە.

3. زمانە کۆشیتییەکان: زمانی دانیشتوانە بنەرەتییەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیایە.

# 3–تۆرانی

ماکس مۆلەر و بونسن زاراوەی زمانی تورانیان بۆ کۆمەڵێک زمان بەکارهێناوە، کە ناچنە ناو خێزانە زمانی هیندۆ ئەوروپی و سامی حامییەوە، وەک زمانەکانی تورکی و مەغۆلی و مەنشوری...، بەشێکی زۆری ئەو زمانانەی کە بە زمان تورانی دانراون، پەیوەندیی خزمایەتی لە نێوانیاندا نییە، گرنگترینیان ئەمانەن:

- گروپی زمانە ژاپۆنییەکان.
- گروپی زمانە کۆرییەکان.
- گروپی زمانە چینی و تبتییەکان.
- گروپی زمانی تورکی و مەغۆلی و مەنشوری.
- گروپی زمانە مەلایوییەکان، وەک: زمانە ئەندەنوسییەکان

## هاوبەشی زمانی کوردی و هیندۆئەوروپی

بەم جۆرە دەبینین زمانی کوردی، زمانێکی زیندوو و سەربەخۆی ئێرانییە، زمانە ئێرانییەکانیش بەشێکە لە کۆمەڵەی هیندۆ ئەوروپی، کە بە گەورەترین بنەماڵە دادەنرێت، چونکە قسەپێکەرانی لە هەموو بنەماڵەکانی تر زۆرترە.

# پێناسەی زار

## زار

زار بەو جیاوازییانە دەوترێت، کە لە نێوان جۆرەکانی یەک زماندا هەیە، وەک جیاوازیی ڕێزمان و لایەنی پێکهاتەی وشە و چۆنیەتی دەربڕین.

# زارەکانی زمانی کوردی

زارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشدەکرێت:

1- زاری کرمانجی سەروو: شێوە زاری ( بۆتانی، جەزیری، هەکاری، بادینانی، شەمدینانی، بایەزیدی) دەگرێتەوە.

2- زاری کرمانجی ناوەڕاست: شێوەزارەکانی ( موکری، سۆرانی ، ئەردەلانی ، سلێمانی ، گەرمیانی) دەگرێتەوە.

3- زاری کرمانجی خواروو: شێوە زارەکانی (لەکی، کرماشانی، کەلهوڕی، فەیلی، خانەقینی، لوڕی )دەگرێتەوە.

4- زاری گۆران: ئەم زارە پێکدێت لە (گۆران ، هەورامانی ، باجەلانی ، زازایی).

# زمانی ستاندارد

پێناسەی زمانی ستاندەرد

زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە لە لایەن زۆرینەی نووسەران، ئەکادیمیان ، زانایان ، ڕۆشنبیران و کارگێران لە خوێندن و نووسین و زانست و ئەدەبیات و بەڕێوەبردنی کارگێریدا بەکاردێت.

# جۆرەکانی ئەلفوبێ لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردی ئەمرۆدا دوو جۆرە ئەلفوبێ بەکار دەهێنرێت:

**یەکەم : ئەلفوبێی عەرەبی**

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە وڵاتی کوردەواری ، ئەلفوبێی زمانی عەرەبی بوو بە ئەلفوبێی نووسین .

ئەلفوبێی زمانی عەرەبی لەبەر ئەوەی بەشی هەموو دەنگەکانی زمانی کوردی نەدەکرد، بۆیە چەندین گۆرانکاری بەخۆیەوە بینیوە:

1- لەیەکەم هەنگاودا هەوڵی ئەوە دراوە ئەو دەنگانەی کە لە زمانی عەرەبی دا پیتیان بەرامبەر نەبووە لە زمانی کوردی دا پیتیان بۆ دروست بکرێ وەکو ( پ ، چ، ژ ، ڤ، گ)

2- دواتر هەوڵی ئەوە دراوە سێ (حەرەکە) کەی زمانی عەرەبی، لە کوردیدا (ه ، و ، ی) یان بۆ دابنرێ. هەروەها هەست بە قەڵەوی و لاوازی دەنگەکانی (ر ، ل) کرا.

3- لە دەوروبەری شەری جیهانی دووەم () خرایە سەر (ۆ) و (ێ) .

*لە ئەلفوبێی عەرەبی دا دەکرێ بگووتری تەنها (بزرۆکە) گرفتمان بۆ دروست دەکات.

## دووەم : ئەلفوبێی لاتینی

مێژووی نووسین بە ئەلفوبێی لاتینی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم .
سەبارەت بە دامەزراندنی ئەلفوبێی لاتینی لە ناوکوردان ڕای جیاواز هەیە ، هەندێک ئاماژە بەوە دەکەن کە (لوتفی ڤیکری) دامەزرێنەری کۆمەڵەی کوردستانی خۆشەویستان لە ساڵی 1912 هەوڵی داوە ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی دابنێت . لەلایەکی تر (عەبدوڵا جەودەت) لەساڵ 1913 کاری بۆ ئەم جۆرە ئەلفوبێیە کردووە.

هەروەها ئاماژە بە هەوڵی (شوکری فەزلی) شاعیر دەکرێت لەدانانی ئەلفوبێی لاتینی. جگە لەم هەوڵانە، لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ، دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کورد بە نامیلکە هەوڵیان داوە ئەو ئەلفوبێیە لە ناو کوردان بسەپێنن، ئەو هەوڵەش سیاسی و ئاینی بووە، زمانەوانی نەبووە.

## ئەو گرفتانەی کە لە ئەلف و بێی لاتینی بەدیدەکرێن :

- هەندێ پیت لە کوردی هەن، وەک (ژ، ش، ح، غ، چ....) بە تەنها پیتێکی سادەی لاتینی نانووسرێن، بەڵکو دەبێت پیتێکی تریان بۆ بکرێت بە بناغە.
- جیاوازی لە نێوان (ک) و (ق) نەکراوە، هەتا هەندێک دەوێرن بڵێن (ق)کوردی نییە!
- بزرۆکە ( –أو (ی–) لە فۆرمدا زۆر لەیەک نزیکن.

## گرنگی نەتەوایەتی زمانی دایک

زمانی دایک ناسنامەی نەتەوەییە، ئەو زمانە هۆکاری سەرەکی پاراستنی یەکڕیزی نەتەوەی خاوەن زمانەکەیە، هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر زمانی دایک هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەی ئەو نەتەوەیە و بوونی کۆمەڵی خاوەن زمانەکە.

زمانی دایک پارێزەری یەکپارچەی وڵاتە و هەر لەبەر هەڵوەشانەوەیەکی زمانی دایک لەبەریەک هەڵوەشانەوەی وڵاتی لێدەکەوێتەوە

.

## زمان و ئاسایشی نەتەوەیی

ئاشکرایە، ئەگەر لە ڕووی نەتەوەییەوە بڕوانینە زمان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێک لە پایە گرنگەکامی ئاسایشی نەتەوەیی زمانە.  تەنانەت پیرۆزی و خۆشەویستی و شیرینی زمان دەگاتە ڕادەیەک کە تاکەکانی نەتەوە لە پێناویدا دەبنە قوربانی و شۆڕش لە پێناویدا دەگێڕن.